KURDISTAN NET کوردستان نێت

# سەدام..ببورە ئێمەش لەگەڵتاین

## نەوزاد عەزیز

ئەو ڕۆژەی سەرۆکی عێراق خرایە بەردەم دادگا، خۆشحاڵی بوو.

بەڵام بۆ هەموو کەس نا، ئەوانەی دیدو ڕوانینەکانیان تەنها لە سنووری ئەمرۆ و ئەم ساتەدایە. مافیانە هێندەی نمەبارانی بەهارە زەماوەند سازکەن.وا تاوانبارێک بە قەدەر و چارەنووسی خۆی گەیشت. ئەو دەمەی زەلیلیەتی دیکتاتۆر و تاوانبار تێکەڵ بە بێ توانایی و کەم دەستی قوربانییەکانی دەبێت، تابلۆیەکە لە خەونی عەدالەت.ئاسمانێکە لە هێوربوونەوە و ژیانەوەی قوربانی و بێ تاوانەکان. ئەوانەی بە مەرگی مەرگەسات و ئازارچەشتنەوە بوونەگەورەبوونی باڵای خوێن ڕێژەکان و عیسا ئاسا بەبرینەکانیانەوە چاویان لەسەر کۆتایی سەرگوزەشتەی مەرگ و جەلادیی بوو.

سەدام تاکە خوێن رێژ و جەلادێکی هەڵتۆقیووی ئەم دەڤەرە نەبوو. ئەویش وەک هەموو بستەباڵاکان و سەفاحە گرگنەکان بە هەورەبرووسکەیەکی بەهار ئاسا هەڵتۆقی و بووە خودانی هاوڕێکانی.سەرگوزەشتەی سەدام هی مرۆڤێکی عۆجەی نەناسراو نییە بەڵکۆ هی ئەو تاڵە جاڵجالۆکەیەیە کە ئەم دەڤەرەی قۆرخ کردووەو لێ ناگەڕی بێ جەلادبین، و بۆتە کارخانە و منداڵدانی قابیل و هابیل.

www.kurdistannet.org

سەدام زەلیلە و توانای نەما...ئای لەو درۆ شاخدارە. ..کێ دەڵیت..خۆ کۆپی نەبوو..سێبەرەشی لەئارادانەماوە..بەلام هێندەی قوربانی‌یەکانی هاورێ و مامۆستا و شاگردی هەیە..کە رۆژانە نۆێ دەبنەوە و سەردەم و کات بەبێ سەدامی باوک بۆخۆیان دەبەن. لە شینی باوک و شایی گەورەبوونی خۆیاندان.

35ساڵی پڕ لە لەپ و مست و دەریای لێوان بوو لە خۆێن .

ئەفسانەی 11 کەسە. ئەدی سەدام کوان ئەوانی تر..خۆتۆ پڕتۆڵە و بێ بەزەیت. وەرە جارێکی تر ببە بە عفریتی

هاورێکانت..خیانەتیان کرد..تۆ شاخێکی لە خیانەت و ملشاکاندن، ساتی تۆڵە و دابەشکردنی تاوان و سزای هەموانە. تۆڵەکانت ئیستا بەبەرەکەتە و گورزەکانت لەم ساتەدا پشت شکێنە.

لەو رۆژەوەی تۆمان لە راپەڕین ڕسواکرد و وەدەرمان نایت..گەلێ کەسان هەروەکو تۆ رێیان گرتیت..بەوەفابوون...ئەوان وەک تۆ شەیتان و ڕۆحی دڕندەکان لە گیانیاندا مامۆستابوو.

تۆ گوێت بڕی..ئەوان لووت و زمان

تۆبەرۆژ و..ئەوان بەشەو هەروەکو یەک کولەتان ڕشت. خۆێنتان پژان.

تۆ ژنی قوربانیانی شەڕ ئەمانیش شەرەفی شەهیدیان وەک تۆ هەتک کرد

تۆ کیمیاویت هەبوو ئەمان ژەهری براکوژی

کۆشکت هەبوو ..ئەوان بالاخانە و دراوی قورس هەروەکو تۆ...

www.kurdistannet.org

بێ بەزەیی و خزم دۆست بوویت..هەروەک ئێرە و زیاتر لە تۆ..
کوەیتت گرت و نەتەوەکەی خۆت سەربری لە باشور...ئاسایی‌یە
وەک قەتل و عامەکەی ئێمە لەگەڵ باکور.
بێ وەفان و عەفووت ناکەن..زۆر ڕاست دەکەی لە91 لە هەڵبجە
عەفووکرایت. لە ئەنفالیش بێ بەری و لەبەرزانیەکانیش
مەرەخەس...
گۆڕی بەکۆمەڵ و زیندان تاوانە..قەت مەترسە، قەڵاو قوولەی
ئێرەش پڕە.کەلاکی مرۆڤی ئێرەش لە بن ئەرز و لە ئاسمان و لە
نێو کۆمیتە و لق و داری ئەم وڵاتە بێ ناسنامە و ڕووتوقووتن.
لەگەڵ ژن و ئافرەتاندا حەزت هەبوو..قەیدی چی‌یە؟وەک میزانیەی
ڤیاگرا و دوو هاوسەری و سۆزانی‌یە ملکەچەکانی ئەم پارچەیە.
هاوڕێکانت بوونە سیخوڕ....خۆ تۆ لایەکی کاریزمای وڵاتی منت
کردە جاسوس و خاوەن مەلەف
تۆ دەچیتە زبڵخانە..بەڵام بدوێ..خۆ تۆ نێرجسیەتی ژیان چاوی
کوشتی.. وەرە و..لەم دەڤەرەش هاوڕێکانت بەرە.
تەنهامەبە..هەروەک پێشوو زیندان پڕکە...بەگۆێم
بکە..تاوانەکانیان لەگەڵ بەشکە. وەک ماچەکانیان.دەست گوشین و
ملدانیان بۆت. تۆ نەمری و هەر بەزیندووی دەمێنی، چونکە تا
ئیستاش میتۆدت هەر بە کارە. ئەوەی وتت، کردت. ویستت،
بیرناکرێ وشاگردەکانت دزییان. شەرم و حەیایان تکا و تۆ

www.kurdistannet.org

سەفەری خێر و ماڵئاوایت نەکردبوو. ئەمان کردیان. وتیان.
ویستیان..
تەنها مەبە بانگیان کە و هەر بەسامی
بە گوێت دەکەن...دێن بە شوێنتدا.
ئەوسا ئێمەش بۆ یەکەمجار بە تۆ دەڵێین شکرا..نەوەک سانکیو و سوپاس.

ئمایل.nawzade@web.de

www.kurdistannet.org